سەرۆک کۆمار سەردانی مۆزەخانەی شوێنەواری لەشاری لیماسۆلی قوبرس کرد

لەچوارچێوەی سەردانە ڕەسمییەکەیدا بۆ کۆماری قوبرس، سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید سەردانی مۆزەخانەی شوێنەواری لە شاری لیماسۆل کرد.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی کۆمار لەکاتی سەردانەکەدا، کە ئەمڕۆ دووشەممە 11-12-2023 سەرۆک کۆمار ئەنجامی دا، لەلایەن بەڕێز دکتۆر فاسیلیکی کاسیانیدێ جێگری وەزیری ڕۆشنبیریی قوبرسەوە پێشوازی لێکرا.

سەرۆک کۆمار بەشەکانی مۆزەخانەکەی بەسەرکردەوە و رونکردنەوەی پێویستی لەبارەی پارچە و پەیکەرە شوێنەوارییەکان پێشکەشکرا، کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن و چاخی بەردینی نوێ و پارچەی وەک دەفری گڵی و خشڵ و پەیکەری سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانی لەخۆدەگرێت.

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لەسەر بایەخی ڕۆڵی کولتوری و مێژوویی قوبرس و ئەو شارسانێتییەی بەرهەمیهێناوە و دەوڵەمەندە بە هونەر و ئەدەبە لە میراتی مرۆیی جیهانیدا. هەروەها خواستی خۆی دەربڕی بۆ بەهێزکردنی ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان قوبرس و عیراق بە چەسپاندنی پەیوەندییەکانی دۆستایەتی و پتەوکردنی دیالۆگی شارستانێتییەکان، کە هەردوو وڵات و گەلی دەست کۆدەکاتەوە.

هەروەها سەرۆک کۆمار ئومێدی خواست بەرپرسان و کارمەندانی مۆزەخانەکە سەرکەوتنی زیاتر لە

کار□کا نیا ندا ب□د□ستبه□نن.